کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردییە

# بزاو بۆ داخرا؟

بەدران ئەحمەد حەبیب

ڕۆژی ٣ی ئەم مانگە هەفتەنامەی بزاو کە لە دەزگای ئاراسەوە بڵاودەبووەوە، دوای ٢٥ ژمارە، لە دەرچوون وەستا. ئەم چەندە ڕۆژەی پێشوو، لەبارەی وەستانی بزاوەوە زۆر قسە کراوە و هەندێکیشی تێکەڵ کراوە لەگەڵ ئاخاوتنی من کە وەک بەرپرسی یەکەمی ئەم دەزگایە داومە بە ڕۆژنامەکان. ڕەنگە لە داهاتوودا قسەی تریش بکرێ و گۆمەکە زیاتر شێلوو ببێ یان بۆ مەرامی تر بقۆزرێتەوە، بۆیە ناچار بووین هەندێک ڕوونکردنەوەی پێویست و دروست بدەین:

بزاو بڵاوکراوەیەکی سیاسی بوو. ئاشکرایە کاری بڵاوکراوەی سیاسی ئەوەیە شرۆڤە و بەدواداچوونی سیاسی بڵاو دەکاتەوە و لە هەواڵ و هەڵسوکەوتی بەرپرسە سیاسییەکان دەپێچێتەوە. ئێمە دەزانین بنمیچی ئازادیی ڕادەربڕین لە کوردستاندا نزمە بەتایبەتیش کە تێکەڵ دەکرێ بەبەرژەوەندییە باڵاکانی وڵات و ڕێککەوتنی ستراتیجی و ئاشتی و تەبایی نێوان یەکێتی و پارتی، بۆیە و لەبەر ئەم دۆخە لە ژمارەی یەکەمەوە کەوتینە ژێرپاڵەپەستۆی بەرپرسە ساسییەکان و لێخوێندنی هەندێک لەو ڕۆشنبیرانەی لە دەزگا حزبییەکاندا کار دەکەن. شرۆڤە و هەواڵە سیاسییەکان بەجۆرێکی دوور لە ڕاستی لێک دەدرانەوە و وا پێشان دەدرا ئەوەی لەم کۆوارەدا بڵاودەبێتەوە بریتییە لە بەرنامەیەکی شاراوەی سیاسی.

بەداخەوە بۆ ئەم ڕەوشەی کە ئێستا ڕاگەیاندنی کوردستان تێیدا دەژی. ئێمە لە سەرکردە سیاسییەکان و مێژووی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستانەوە فێربووین داوای ئازادیی دەربڕین بکەین و بەمافی خۆمانی بزانین کە ڕۆژی هات پراکتیکی لەسەر بکەین، بەڵام کە دەبینین ئەوەی هەیە دوورە لە ناوەڕۆکی دروشمەکانی دوێنێ، دووچاری بێهیوایی دەبین و وا دەزانین لە خەونێکی ناخۆشداین. هەرچەندە ئێستاش بەوپەڕی بڕواوە، وا تێ دەگەین لوتکەکانی سەرکردایەتیی سیاسیی کوردستان، لەوە گەورەترن بەڕۆژنامەی کوردی و بۆچوون و بەدواداچوونی ڕۆژنامەنووسی کورد نارەحەت بن. ڕاستیشت دەوێ ئەوەی ئەمڕۆ هاتووەتە دی، ئەو دەسکەوتەیە کە زیاتر بە تێکۆشان و ماندووبوونی ئەوان بووە و وەک شانازیش بۆ ئەوان دەنووسرێ لە مێژوودا. کێشە لە ڕاگەیاندنی کوردستاندا ئەوەیە، ڕۆشنبیرانی ناو حزب پاڵی سەرکردە سیاسییەکان دەدەن بۆ هەڵچوون و توورەبوون لە ڕاگەیاندن بەشێوەیەکی گشتی.

ئێمە لە دەزگای ئاراس بۆ ئەوەی چی تر نەگاتە ئەو ڕادەیەی لەسەرەوە باسمان کرد و هێڵی سووری کوردی زیاتر تێ نەپەڕێنین، بڕیارمان دا کۆواری خۆمان بووەستێنین و دەمی خۆمان دابخەین. ڕەوشەکە وابوو: یان دەبوایە بکەوینە لێبووردنخوازی لە هەموو ژمارەیەکدا یان گۆڕینی ڕێبازی کارکردن، یان ئەوەتا بەتەواوی وازی لێ بێنین! ئەوەی ئاخیریمان هەڵبژارد و بڕیارمان دا با چی تر کەس نارەحەت و سەغڵەت نەکەین. هیچ کاتێکیش نەمانگوتووە لە سەر داوای کەسێک

یان لایەنێک ئەم کۆوارە راگیراوە. ئێمە رێزی تەواومان هەیە بۆ سەرۆک مام جەلال سەرکۆماری عێراق و یەکێتیی نیشتمانی کوردستان، سەنگەریشمان لێ نەگرتوون وەک باس دەکرێ. ئێمە بەرپرسین لە قسەی خۆمان و ئەوەی ڕۆژی یەکەمدا گوتمان، کەوا لە ژێر پاڵەپەستۆی سەرکردە سیاسییەکانی کوردستان (بەشێوەیەکی گشتی) و لەبەرئەوەی کەشی دیموکراسی و ئازادیی رادەربڕین نالەبارە، ناچار بووین ئەم بڕیارە بدەین و کۆواری خۆمان لە دەرچوون بووەستێنین.